# را پۆرتی سکرتێری گشتی بۆ پلۆنیومی چوارەمی کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## کێشە جیهانییەکان:

لە دوای پلۆنیومی سێهەم چەندین ئاڵوگۆر لە وەزعی سیاسی جیهانی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست رووی داوە.

یەکێك لەو ئاڵوگۆڕانە، هەوڵی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ جێگیرکردنی مووشەکی دژە مووشەك لە ئوورووپای شەرقیە. ئەو روداوە وای کردووە روسیەش بکەوێتە هەوڵ و کاردانەوەی هەبێ لەبەرانبەر ئەمریکا دا، لەو پێوەندییە دا دەوڵەتی روسیە لە لاییێك بە رێگەی دیپلۆماسی و و رەخنە و ئیعتراز لە دەوڵەتی ئەمریکا و لە لاییێکی دیکە بە نزیك بوونەوەی زیاتر لە چین و بە چەندین رێکەوتنی هاوکاری سەربازی و دیفاعی، لەنێوان دا هەروەها هەوڵ بۆ دروست کردنی بەرەییێك لەگەڵ وەڵاتانی کۆنە ئەندام لە یەکێتی شورەوی رابردوو، وەك وەڵاتی روسیەی سپی و قەزاقستان، وەڵامی ئەمریکای داوەتەوە.

بەو مەترسیانەی روسیە لەئەمریکای هەیە، روسیە بە راشکاوی دژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکا و تەنانەت دژایەتی ئابلۆقەی نوێی ئەنجومەنی ئاسایش لە دژی رژیمی ئاخوندی دەکا و لەماوەی رابردوو دا رێکەوتنی هێزەکانی (متعارف) لەئوروپا کە لەساڵی ١٩٩٠ لە نێوان کۆمارەکانی شورەوی و پەیمانی وەرشۆ ئیمزا کرا کە تییایدا بەرهەم هێنانی تانك و فرۆکە و چەکی قورسی لەئوروپا دا سنووردار دەکرد، هەڵوەشاندەوە و لەوپەیمانە هاتە دەر بە بیانووی ئەوەی ئەمریکا مووشەکی لەئوروپا جێگر کردوە. هەڵوێستە نوێ کانی دەوڵەتی روسیە بۆتە هۆی نیگەرانی ئەمریکا و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگی ساردی نزیك کردۆتەوە، ئەگەرچی روسیە ئەو هێز و توانایەی رابردووی نییە، بەڵام بە رێکەوتن و هاوپەیمانی لەگەڵ چین دەتوانێ وەزنەییێکی قورسی هەبێ لەبەرانبەر ئەمریکا. دەوڵەتی ئەمریکاش بە هەست کردن بەو راستیانە لەماوەی چەند حەوتووی رابردوو دا نزیکی زیاتر لە دەوڵەتی چین دەکا و تەنانەت چەند ئیمتیازی بازرگانی و سیاسی داوە بەو وەڵاتە. ئیمتیازی سیاسی ئەوەیە کە دەوڵەتی چینی دڵنیا کردۆتەوە پشتیوانی لە تایوان ناکا بۆ جیابوونەوەی یەکجاری لە چین. لەو پێوەندییە دا دەبێ سەردانی رابێرت گێتسی وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ وەڵاتی چین لە ١٥ و ١٦ی خەزەڵوەر بەگرینگ بزانین. لە لاییێکی دیکەوە چەند بەرپرسی ئەمریکایی رایانگەیاندوە هەر چەند ئابووریی چین گەشە بستێنێ، ئامریکا زیان نابینێ و هەر لەو چوارچێوە دا بەرپرسانی ئابووری ئەمریکا خۆشحاڵی خۆیان بە گەشەسەندنی ئابووریی چین دەربڕیوە. ئەو لێدوانانە جیاوازی هەیە لەگەڵ لێدوانەکانی رابردووی بەرپرسانی ئەمریکایی. بەرپرسانی ئەمریکایی لەرابردوو دا لەگەشە سەندنی ئابووری لە چین دا نیگەرانیان دەردەبڕی.

بێگومان سووربوونی دەوڵەتی روسیە لەوەی کە دەبێ بەشی زیاتری هەبێ لە کێشە سیاسیەکاندا وەزعێکی وای دروست کردووە کە جیهان بەرەو نائارامی زیاتر بروا. ئەگەر روسیە و ئەمریکا نەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن. دەبێ چاوەروانی ئاڵۆزتر بوونی وەزع بین و سەرلەنوێ شاهیدی دوو جەمسەری (دوو قوتبی) بوونی جیهان بە سەر بەرەی شەرق و غەرب دابینەوە.

٢ـ کێشەی ئەتۆمی لە جیهان و لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا تا دێت بەرەو ئاڵۆزی و قووڵ بوونەوەی زیاتر دەروا. لەکاتێکدا کێشەی ناوکەیی رژیمی ئاخوندی چارەسەر نەکراوە، وەڵاتانی عەرەب لە کەنداوی فارس و وولاتی میسریش لەهەوڵدان دامەزراوەی ئەتۆمی دامەزرێنن و سەرۆك و بەرپرسانی ئەو وەڵاتانە بە راشکاوی ئەوەیان راگەیاندووە، پەرەگرتنی گەڵاڵە ناوکەییەکان لە ناوچەکەدا، مەترسییێکی گەورەی دروست کردووە، هەروەك وەزیری تایبەت بەئیستراتژیکی ئیسرائیل رایگەیاندووە، ئەو دیاردەیە نیشانەی ئاخری زەمانە و دەرخەری کێشەی زیاتر لە ناوچەکە و پەیدابوونی جەنگی گەورەیە، هەروەك جورج بوش سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاندوە، ئەگەر کێشەی ئەتۆمی رژیمی ئێران چارەسەر نەکرێ، دەبێ چاوەروانی روودانی جەنگی جیهانی سێهەم بین.

## جەنگی دژە تیرۆر:

وەك ئاشکراییە تیرۆر کێشەی گەورەی جیهانییە و سەرەرای هێرشی هەمەلایەنەی دەوڵەتە خاوەن هێزەکانی جیهان بۆ سەر ترۆریزم و هاتنی هێزە فرەرەگەزەکان بۆ ئەفغانستان و عێراق و روبەروبوونەوەی بەکردەوە لەگەڵ ترۆریستان، ئەو کێشە بۆتە گرێکوێری جیهانی ، هەرچەندە بنکەی ئاشکرای ترۆریستان لە ئەفغانستان دا نەماوە، بەڵام تاقمە ترۆریستەکان لەو وەڵاتە و لە عێراق و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا لە هەڵسووران و خرابکاری دان.

گومان لەوەدانییە کە جەنگی دژە تیرۆر ئامانجەکانی بە تەواوی نەپێکاوە و لەجەنگی دژە تیرۆر هاوکاری خەڵکی ئەو وەڵاتانەی ترۆریست لانەی تێدا کردوون بە جیددی لەبەرچاو نەگیراوە. پێویستە بەهاوکاری هێز و لایەنە میانەرەوەکان و دۆزینەوەی رێگەی نزیك بۆ لەناوبردنیان، هەوڵ بۆ لەناوبردنیان بدرێ. لە لاییێکی دیکەوە، ئەو راستیەش نابێ لەبەرچاو نەگرین کە رژیمی ئاخوندی ئێران لە بوونی ترۆریست و تاقمە ترۆریستەکان قازانج دەبینێ و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پشتگیری لەلایەن و دەستە ترۆریستەکان دەکا. بەو پێیە رێگەیێکی دیکەی لەناوچوونی ترۆریستی جیهانی هەوڵ دانە بۆ لەناوبردنی سەرچاوە سەرەکییەکانیان، واتە رژیمی ئاخوندی ئێران و رژیمە هاوشێوەکانی. هەر بۆیە تا رژیمی ئاخوندی دەسەڵاتی بەسەر ئێران و ئەو گشتە سەرمایە گرانبهایانە دا هەبێ، گرانە ترۆریسمی جیهانی کۆتایی پێ بێ و بێ توانا بکرێ.

## کێشە نەتەوەییەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەراست دا:

چارەسەر نەکرانی کێشەی قەومی و نەتەوەیی و سنووریەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا یەکێکی دیکە لەو دیاردە مەترسی دارانەیە کە ناوچەکەی لەوەزعی نائارام دا هێشتۆتەوە هەرچەندە ئەو کێشانە بەرادەی کێشەی ئەتۆمی گەورە و مەترسیدار نین، بەڵام چارەسەرنەکرانیان و مانەوەیان وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین، بێ گومان رێگە لەدامەزراویی و پێش کەوتن دەکرێ و بە هەوێنێك بۆ سەرهەڵدانی جەنگ و دواکەوتوویی دەمێنێتەوە، بە تایبەت کێشەی فەلستین و ئیسرائیل کە کێشەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەراستە و هەموو کات لە تەقینەوە و ئاڵۆزبوونە بە شێوەی بەرینتر لەئێستا نزیکە.

لەمەڕ کێشەی فەلستین ئاشکرایە رژیمی ئاخوندی دەورێکی خراپ دەگێرێ و رێگرە لەوەی ئەو کێشەیە، بەئاسانی چارەسەر بکرێ و بەبەردەوامی لە هەوڵی ئاژاوەگێری لە نێوان لایەنە فەلەستینیەکاندایە و هەر لەو پێوەنددە دا دەسەڵاتدارانی رژیم زۆر بە جیددی و بەرنامە دژایەتی کۆبوونەوەی (ئاناپۆلیس)یان کرد کە لە ئەمریکا بەسترا، ئەوە سەرەرای ئەوەی کە تێکرای وولاتانی عەرەب تەنانەت سوریە بەشداری ئەو کۆبوونەوە گرینگەی کرد.

بەڵام لەبەشی هەرە زۆری وەڵاتانی ناوچەکە دەسەڵاتەکان هەتا هەتاین و کەمتر گۆرانیان بەسەر دا دێ، مەگەر بە ئینقلابی سەربازی . یەکێك لەسیاسەتە نوێیەکانی ئەمریکا ئەوە بوو بە جەنگ لەگەڵ ترۆریست هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی دیموکراسی لەناوچەکەدا جێگیر بێ، بەڵام تا ئیستاش لەو وەڵاتانە دەسەڵاتداران کەللە رەقی دەکەن و بەردەوامن لەحوکم کردنیان بە شێوەی دیموکراسی.

دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێران لەگەڵ ئەوەی لە ناوخۆ دا بەرەورووی بەرین ترین ئیعترازات و نارەزایەتی جەماوەری و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەك ماموستایان، کرێکاران، خوێندکاران و ژنان و باقی توێژەکانی دیکە بۆتەوە، لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیشدا، لەسەر پێداگری و سووربوون لەسەر گەڵاڵە مەترسیدارە ئەتۆمیەکان و سووربوونی لەسەر پەرەپێدانیان کەوتۆتە بەر ئابلۆقەی ئابووریی و چەندین هەرەشەی دیکە، هەروەها لەپێوەند بە پشتیوانی لەترۆریزمی جیهانی و کۆمەگ کردن بە تاقمە ترۆریستیەکان لەلوبنان و عێراق و ئەفغانستان، کەوتۆتە بەر بایکۆتی جیهانی و رەخنەی تێکرای دەوڵەت و ناوەندە جیهانییەکان. دەسەڵاتدارانی رژیم بەو حاڵەش سوورە لەسەر درێژەدان بە سیاسەتی قەیران خولقێنی لە دەرەوە و لە ناوخۆشدا سیاسەتی دژمنکاری و نامرۆڤانەی لە راست خەڵك وەکوو ئێعدام و سەرکوت و شکەنجە و زیندانی ئازادیخوازان و لاوانی شۆڕشگێر درێژە پێ دەدا و لەگەڵ پێداگری لەسەر بەرنامە مەترسیدارە ئەتۆمیەکەی دەست لە کاروباری وەڵاتان و پشتیوانی لە ترۆریزمی نێودەوڵەتی دەکا. بەداخەوە رژیمی ئاخوندی بەو سیاسەتە دژمنکارانەی بەرانبەر بە خەڵکی ئێران و بەو هەڵوێستە دزێوانەی بەرانبەر کۆمەڵگای جیهانی توانیویە بە پشت بەستن بە داهاتی دەیان میلیارد دولاری لە فرۆشی نەوت و بە پشت بستن بەهێزی بەکرێگیراو سەرکوتگەری لەسەر دەسەڵات بمێنێ و درێژە بە نارەوایی و بێ عەداڵەتی بدا، لەگەڵ ئەوەی رژیمی ئاخوندی توانیویە درێژە بە دەسەڵاتی بدا، ئەوەش روونە کە سەرئەنجام خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵك بەسەر دەسەڵاتی ملهۆرانەی ئەو رژیمە دا سەرکەوتوو دەبێ و ئاخوندەکان تا سەر ناتوانن درێژە بە زوڵم و چەوسانەوە بدەن. ئەو راستیەش لەخەباتی بەردەوامی جەماوەری ئێران و نارەزایەتیە بەرینەکان لەشارە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان دەردەکەوێ.

بێ گومان بۆ لەناوچوونی رژیمی سەرەرۆی ئاخوندی چەکی گەورەو و هەرە کارامە، یەکێتی و تەبایی لە نێوان تێکرایی هێز و لایەنە مووخالیفەکانی رژیمی ملهوری ئاخوندیە. ئەو یەکیەتیە لە لاییێك دەبێتە سەرەتاییێك بۆ سەرهەڵدانی یەکجاری جەماوەریی و لە لاییێکی دیکەش، دەبێتە هۆی راکێشانی پشتیوانی کۆمەڵگای جیهانی. هەر بۆیە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، باوەری وایە، تەنیا چەکی پێش کەوتن و سەرکەوتن یەکیەتی و تەبایی و هاوکاری هێز و لایەنە سیاسیە شۆڕشگێرەکانە کە ئەو هەنگاوە بە نرخە دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان.

٦ـ جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران

جووڵانەوەی کورد لەکوردستانی ئێران لەهەل و مەرجێکی حەستەم دایە، بە داخەوە هێز و لایەنە سیاسیەکوردستانییەکان تووشی کێشە و ناکۆکی و لێك جیابوونەوە هاتوون. ئەو ئینشعاب و لێکدابرانانەش بۆتە مایەی دڵساردی خەڵك و دواکەوتنی جووڵانەوەی کورد.

لە کاتێکدا دەبوو هەموو پێکەوە بۆ لەناوچوونی رژیمی ئاخوندی و تێکۆشان لەپێناو ئامانجەکانی گەل، یەکگرتوویی و هاوکاریمان بکردایەتە بەردی بناخەی کارەکانمان، کێشە و ناکۆکی باڵی بەسەر هێز و لایەنە سیاسیەکاندا کێشاوە کە ئەوە بێجگە لە قازانج بۆ دژمن و زیان بۆ گەلی کورد هیچ ئاکامێکی دیکەی نییە.

تەنیا جێگەی دڵخۆشی ئەوەیە کە لەگەڵ دڵساردیی خەڵك لەناکۆکیەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان کەم رۆژ هەیە لەشار و ناوچەکانی کوردستاندا لەبەرانبەر رژیمی ئاخوندیدا، نارەزایەتیی جەماوەریی و خوێندکاری و کرێکاری سەرهەڵنەدا، ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانە دەسەڵاتدارانی رژیمی لە کوردستاندا خستۆتە مەترسیەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران داواکارە، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کێشەکانیان لە رێگەی دانیشتنەوە کۆتایی پێ بێنن و سازمان و حیزبە کوردستانییەکان بۆ پێك هێنانی بەرەرییێکی کوردستانی سەرکەوتووانە هەنگاو هەڵ گرن و تێبکۆشن.

((سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران))

لە دوای کونگرەی سێهەم بە گشتی و پلینۆمی سێهەم، سازمانی خەبات تا ئەندازەییێك بەرەوپێش چوونی بەرچاوی بووە لە مەیدانی کاری تەشکیلاتی دا لە ناوخۆی کوردستان، ئاڵ و گۆری بەرچاو بەدی دەکرێ، هەرچەند ئەو ئاڵ و گۆرانە وەك پێویست نین و تا ئێستاش بە پێی چاوەروانیەکان نەبوون، پێویستە سازمانی خەبات و کادرە تەشکیلاتیەکان لەو پێناوە دا هەنگاوی جیددی و بە پەلە هەڵگرن. بۆیە داواکارین کادرە تەشکیلاتیەکان و ئەندامانی سازمان و هەموو دڵسۆزان لەپێناو بەرەوپێش بردنی ئەرك و کارە سازمانی و تەشکیلاتیەکاندا هەوڵی جیددی بدرێ.

جێگەی خۆشیە لەدوای کونگرە ئەرك و چالاکیەکانی کومیتە و ئەندامانی سازمان لەدەرەوەی کوردستان بە تایبەت و چەند مانگی رابردوو گۆرانی پۆزەتیڤی بە خۆوە بینیوە و ئەندامان و لایەنگرانی سازمان دانیشتوو لە وەڵاتانی نورویژ و سوئید و کانادا بە شێوەییێکی کاریگەر کار و چالاکی سیاسی و تەبلیغی ئەنجام دەدەن، کە هیوادارین ئەو هەڵسوورانانە زیاتر پەرە بگرێ و کومیتەکان و دڵسۆزانی سازمان لە وولاتانی دەرەوە، چالاکانەتر هەڵسوورێن.

لەپێوەند بە کارە تەبلیغیەکاندا سازمان نەیتوانیوە وەك پێویست کاری بەرچاو ئەنجام بدا، هەر چەندە لەچەند رۆژی رابردوودا بە نوژەن کردنەوەی دام و دەزگاکانی رادیو دەنگی خەبات تواندراوە بەرنامەکانی رادیو دەنگی خەبات ی کوردستانی ئێران بۆ مەودایێکی دوورتر و بە شێوەییێکی باشتر بنێردرێ و جیاواز لە سایتی ئینترنتی سەرەکی سازمان لەدەرەوەی کوردستان، بە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەندامانی سازمان سایتێکی دیکە بە ناوی (خەبات میدیا) بە شێوەیێکی رێك و پێك و سەرەنج راکێش کەوتۆتە کار، پێویستە سازمان لە داهاتوو دا کاربکا بۆ بەرەوپێش بردنی کاری تەبلیغی و هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی کاناڵی تەلەڤیزیۆنی ئاسمانی . هەر لەوپێوەندییە دا لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سازمان داواکارین یارمەتی مادی سازمان بدەن بۆ ئەوەی بتواندرێ ئەو ئەرکە پێویستە لەزووترین کات جێ بە جێ بکرێ.

هیوادارین پلینۆمی چوارەم بتوانێ بریاری بە جێ و گەڵاڵەی باش پەسەند بکا.

لە کۆتایی دا دەڵێین، سازمانی خەبات پشتیوانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا و هەڕەشەکانی تورکیە و رژیمی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکا و لەچەندین راگەیێندراو دا پشتیوانی خۆی لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانی عێراق دەربریوە. دیارە چاك وایە پارتی کرێکارانی کوردستان، وەزعی هەرێمی کوردستان و ئەو هەل و مەرجە حەستەمە و رێگەچارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێ.